سودانی: ئەوەی لە ماوەی سێ ساڵ لە حکومەتەکەماندا بەدەست هات نە هەڵکەوت بوو و نە موزایەدە

ئەمە یەکشەممە"محەممەد شیاع سوودانی"سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران،جەختی لەوە کردەوە کە ئەوەی حکومەت لە ماوەی سێ ساڵدا بەدەستی هێناوە، نە هەڵکەوت بووە و نە موزایەدە، بەڵکو دەرئەنجامی بەدواداچوونی ئەژانە و بەڕێوەبردنێکی هەشیارانە بووە کە ویستوویەتی دەوڵەت بکاتە ئامرازێک بە جێبەجێکردن و خزمەتگوزاری.

"سوودانی"لە وتارەکدا لە کبوونەوەیەکی جەماوەری هەبژاردن کە ئەمە لە پارێزگای نەجەفی ئەشڕەف بەڕێوەچوو و موتەبع بەدواداچوونی بە کرد، ڕایگەیاند: لە سەرەتای دەستبەکاربوونی حکومەتەکەمانەوە بەیارماندا قسەکان لەپشت خەمان جێبهێڵین تا ئامانج و ئامرازەکەمان لە قسەکردن لەگەڵ خەڵکدا کار بێت.

ووتیشی : عەراقییەکان دەیانویست دەستکەوت و هەنگاوی بەرجەستە ببینن کە واقیعیان بگۆڕێت و متمانەیان پێ بگەڕێنێتەوە بەو قوربانییە گەورانەی کە لە پێناو سیستەمی سیاسی دیموکراسی و دامەزراوەکانی دەوڵەتدا داویانە.

ڕاشیگەیاند : ئەمە بەپێی پلانێک کار دەکەین کە زووتر لەوەی چاوەڕێمان دەکرد، دەستی بە بەرهەمدان کردووە.

ئاماژەی بۆشدا : ئەوەی لە حکومەتەکەماندا لە ماوەی سێ ساڵدا بەدەست هاتوە، نە هەڵکەوت بوو و نە موزایەدە، بەڵکو دەرئەنجامی بەدواداچوونی ڕەژانە و بەڕێوەبردنێکی هەشیارانە بووە کە ویستوویەتی دەوڵەت بکاتە ئامرازێک بە جێبەجێکردن و خزمەتگوزاری.

لە درێژەی قسەکانیدا ووتی : پەڕگرامی حکومەت لەگەڵ بانگەواز و تێبینی و ڕێنماییەکانی مەرجەعییەتی باڵای ئایینی لە نەجەفی ئەشڕەفدا یەکیان گرت، لە بنیاتنانی عەراقێکی دادپەروەر و خەشگوزەران کە یاسا حوکمی بکات و گەندەڵی تێدا بنبڕ بکرێت و شکڵی دەوڵەت بپارێزرێت لە ڕەگەی سەربەخۆیی بەیاری نیشتمانی و چەک بە دەستی دەوڵەت و ڕەگریکردن لە دەستتێوەردانە دەرکییەکان.

ڕوونیشیکردەوە: بە تێواوی دڵنیا بووینەوە کە لەسەر ڕەگای ڕاستین کاتێک مەرجەعییەتی بەڕێز ئەوەی خستەڕوو کە پێویستە عەراقییەکان پلانی زانستی و پراکتیکی بە بەڕێوەبردنی وڵات ئامادە بکەن، بە پشتبەستن بە بنەمای لەهاتوویی لە وەرگرتنی پێستکانی بەرپرسیارێتیدا.

سەرکۆزیران لە درێژەی وتارەکەیدا ئەوەشی خستە ڕوو : ئێمە کاری لە پێشینەمان بە خزمەتگوزاریەکان، کە ڕەژانە خەک بە حکومەتەوە دەبەستێتەوە، و نەجەفی ئەشڕەفیش دوور نەبووە لە پلانەکانمان، و ئێمە ڕەکەوتنێکی چوارچێوەییمان لەگەڵ تورکیا واژە کرد کە کەشێی قەیرانی ئاو چارەسەر دەکات کە هەموو پارێزگاکان پێوەی دەناڵێنن، ئێمەش واتای بەدەستهێنانی بەردەوامی ئاوی پێویست، و بەپێی ئێمەش پلانی کشتوکاڵی زستانەی ئێم وەرزە ڕەژی سەشممەی داهاتوو پەسند دەکرێت.